# لێکدانەوەو هەڵوێستی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق سەبارەت بەرەشنوسی دەستووری هەمیشەیی

سەرەنجام کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق رەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراقی ئامادەکردو پەسەندی کرد. هەرچەندە تاکو ئێستاش لەناو کۆمەڵەی نیشتمانیو لەدەرەوەیدا سەبارەت بەخاڵو بەندەکانی دەستوری ئامادەکراو ناکۆکی هەیە، بەڵام هەموو ئەو لایەنە ناکۆکانەی لەپرۆسەی دەستووردا بەشداریان کردووە تێکڕا کۆکنو بڕاونەتەوە لەسەر خاڵە بنەڕەتیو سەرەکیەکانی ئەو دەستورەو جیاوازیەکانی نێوانیان پەیوەندی بەجەوهەری ئەو رەشنووسەوە نیە. لەبەرئەوە ئەم دەستورە بەم داڕشتنو فۆرمۆلەی ئێستایەوە دەمێنێتەوەو سەرەنجام دەخرێتە بەردەم خەڵکی عێراق تاکو بە "بەڵێ"و " نەخێر" لەریفراندۆمی مانگی داهاتوودا بڕیاری لەسەر بدەن.

ئەم دەستورە بەشکڵو ناوەڕۆکە ئیسلامیو سەلەفیەکانیەوە وەڵامێك نیە بەچاوەڕوانیەکانی خەڵکی عێراقو ئاواتو ئارەزوەکانی کرێکارانو زەحمەتکێشانی ئەم وولاتە. هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان بەهاوپەیمانێتی لەگەڵ هێزە ناسیونالیستە کوردەکاندا تەواوی بەشەکانو خاڵو بڕگەکانیان بەجۆرێك نوسیوەو داڕشتووە کە جووت بێت لەگەڵ بەرژوەندیەکانیانو قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیو هێشتنەوەی لەدەستی خۆیانو داڕشتنی بنەماکانی دەوڵەتی نوێی عێراق لەسەر پایە دینیو ناسیونالیستیەیە بەرتەسکەکان. ئەم هێزانە هەموو ئەو پڕۆژەو رەشنوسو پێشنیارە ئیجابیانەی هێزە عیلمانیو پێشکەوتنخوازو دیموکراتخوازو چەپەکان سەبارەت بەدەستور پێشکەشیان کردبوو تورِیان هەڵداو لەوەش خراپتر شەریعەتی ئیسلامیان کرد بەسەرچاوەی سەرەکیو تاقانەی دەستورو دینی رەسمی وولات، وە رایانگەیاندووە کەنابێت هیچ یاساو بڕیارێکی قانوونی داهاتوو پێچەوانەی فەرمانو ئصولو حوکمە جێگیرەکانی دینی ئیسلام بێت ئەگینا دادگای دەستوری( فیدراڵی) باڵا کەزۆربەی ئەندامەکانی هەر بەپێی دەستوور لەمەلاکانو فەقێکانی شەریعەتی ئیسلامی پێکدێن هەڵیدەوەشێنێتەوە. بەم پێیە پەسەندکردنی ئەم دەستورەو جێبەجێکردنی لەسبەی رۆژدا دەبێتە هۆی دامەزراندنی نیزامێکی کۆنەپەرستی جمهوری ئیسلامی هاوشێوەی جمهوری ئیسلامی ئێرانو ئەفغانستان یان لەشێوەی ئەو رژێمە کۆنەپەرستە ئیسلامیانەی تر کەلە وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا فەرمانڕەوان، ئەو رژێمانەی کەخۆیان تیرۆریزمی ئیسلامیو سەلەفی هەڵدەهێننو خۆراکی پێدەدەنو ریشەدارتری دەکەن.

بەم پێیە ئەم دەستورە بەجۆرێك داڕێژراوە تا پرۆسەی دیموکراسی لەعێراقدا لەباربەرێتو رەمزی هەوڵو تێکۆشانێکە بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای عێراقو بێبەشکردنی لەمافو ئازادیە سەرەکیەکانی خۆی. رەشنوسی دەستور نەك هەر دینو دەوڵەتی ئاوێتەی یەك کردووە بگرە دەوڵەتی کردووە بەئامرازێکی کارا بەدەست عەمامە بەسەرەکانەوە بۆ سەپاندنی فەرمانە دینیو کۆنەپەرستو سەلەفیەکان کەزیاتر لە1500 ساڵ تەمەنیانە!

لەلایەکی ترەوە راگەیاندنی هێزە ناسیونالیستە کوردەکانی هاوپەیمانی حزبو هێزە دینیە شیعەکان سەبارەت بەوەی دەستوور مافەکانی خەڵکی کوردستانی لەخۆگرتووەو پاراستویەتی ئیدعایەکی فریوکارانەیەو خۆڵ کردنە چاوی خەڵکە، چونکە دەستور بەهیچ شێوەیەك باسی لەمافی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی نەکردووەو تەنها باسی لەفیدرالیزم کردوە لەشێوەیەکی ناڕۆشنو تەمو مژاویدا، ئەو باسەیشی لەپەیوەند بەچارەسەری مەسەلەی کوردەوە لەم قۆناغەی ئێستادا نەهێناوەتەگۆڕ، بەڵکو فیدرالیزم بەو جۆرەی لەدەستوردا هاتووە ئامرازێکە بۆ هێشتنەوەی دووبەرەکیو دابەشبوونی تائیفیو مەزهەبیو قەومی نەك ئامرازێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو برینو قەڵشتانە.

سەبارەت بەمافەکانی ژنانیش لەدەستووردا ئەم رەشنوسە دەیەوێت زنجیرەکانی کۆیلەیەتی ژنان لەعێراقدا توندتر بکاتەوەو زیاتر ژنان بکات بەپاشکۆی دەسەڵاتی پیاوسالاری لەچوارچێوەی خێزانی ئیسلامیداو بەرێو رەسمو یاسا مەزهەبیو تائیفیەکانەوە بیانبەستێتەوەو بۆ جارێکی تر بڕیاری شومی 137 دژ بەژنانو مافەکانیان زیندووبکاتەوەو بەسەریاندا بیسەپێنێت. دەستور شمشێری شەریعەتی ئیسلامی دەخاتە سەر ملی ژنان، ئەو شەریعەتەی بەئاشکرا بانگەشەی پاشکۆیەتی ژنان بۆ پیاوان دەکاتو لەمەسەلەی هاوسەرێتیو جیابوونەوەو میراتو نەسەبدا دەیانکات بەکۆیلە. هەروەها ئەم دەستوورە دابو نەریتە خێڵەکیە پڕتووکاو ووشکهەڵاتووەکانی زیندوکردۆتەوە کەبەدژی مافەکانی ژنانو ئینسانیبونو ئازادیەکانیانە.

لەبەرئەمانە ئەم رەشنوسە رەمزی هەوڵی هێزە دینیو قەومیەکانە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دینیو ناسیونالیستیو قووڵکردنەوەی دابەشبوونو قەڵشتە تائیفیو قەومیو مەزهەبیەکانو بەکۆیلەکردنی ژنانو پەراوێزخستنی دەورو رۆڵی ئەوانو زەوتکردنی مافو ئازادیەکانیان، وە بەم فۆرمۆلەی ئێستایەوە سەرەنجام خزمەت بەهێزە داگیرکارەکانی ئەمریکاو هیزە تیرۆریستە دینیو بەعسیەکان دەکات چونکە ئەوان لەکۆنەپەرستیو توندڕەوی دینیو دابەشبوونی تائیفیو مەزهەبی خۆراك وەردەگرن.

لەبەرامبەر ئەم هەولانەیشدا بەرەیەکیتر لەهێزە دینیو سەلەفیو زەرقاویەکانو پاشماوەکانی بەعس پێکهاتووە کەناڕازین بەرەشنوسی دەستورو لەروانگەیەکی زۆر کۆنەپەرستترو رەشترەوە دەیانەوێ دەسکاری بکەن یان رەتی بکەنەوە، ئەم بەرەیە زۆربەی بەندە کۆنەپەرستو رەشەکانی ئەو دەستوورەی قبولە بەلام هاوکات داوا لەخەلکی عێراق دەکات تاکو بلێن "نـــا" بۆ ئەم دەستورەو رەتی بکەنەوە تاکو لەم رێگەیەوە ملهوری سیاسیو قەسابخانە تیرۆریستیەکانیو فەرمانە سەلەفیو زەرقاویەکانی بسەپێنێتو ئیمتیازات لەدەسەلاتی سیاسیدا وەربگرێت..

بەم پێیە هێزە دینیو سەلەفیو ناسیونالیستە دەسەلاتدارەکانو هێزە بەعسیو زەرقاویە ناڕازیەکان خەلکی عێراقیان خستۆتە نێوان چەکوشو سندانی خۆیانەوەو داوای لێدەکەن کەیەکێك لەو دوانە هەلبژێرێت، بەرەیەك بانگەشەی دەکات بۆ "بەلێ" بۆ دەستورو بەرەیەکی تر بۆ "نـــا" بانگەشەی دەکاتو هەردوو ئەو جەمسەرە ناکۆکەش دوو دیوی یەك پارەنو کۆکن لەسەر بەئیسلامیکردنی کۆمەلگای عێراقو لەباربردنی دیموکراسیو ئازادی تیایدا..

ئێمە دژایەتی ئەم پرۆسەیە دەکەین، خەلکی عێراق پێویستە بەرامبەر ئەم دوو جەمسەرەی، کەبەروالەت ناکۆکن لەگەل یەك، رەت بکاتەوە، هاوکات دژی ئەو هێزانە بێت کەبانگەشەی "بەلێ" دەکەن بۆ ئەم دەستورە سەلەفیو کۆنەپەرستە یان ئەو هێزە بەعسیو سەلەفیو زەرقاویانەی کە دروشمی "نا" بەرزدەکەنەوە، ئەم تەنها رێگایەکە بۆ درێژەدان بەخەباتو تێکۆشان بۆ دامەرزاندنی نیزامێکی علمانیو مەدەنی ئازادو بیناکردنی نیزامێکی ئابووری کەپشتی بەیەکسانیو عەدالەتی کۆمەلایەتی بەستبێت..

خەلکی عێراق لەم بارودۆخەدا لەبەرامبەر ئەرکو رووبەرووبوونەوەی گەورەدان. سەرەڕای بوونی ئەو پڕۆژە دژی دیموکراتیکو ئازادیانە، بەرەیەکی ناڕازی تر هەیە( یان دەکرێ بووترێ کەهێزێکی سێهەم هەیە) کەلەروانگەیەکی مەدەنیو عیلمانیو پێشکەوتنخوازانەو ئازادیخوازانەوە هەردوو ئەو جەمسەرە ناکۆکەو پڕۆژە سەلەفیو تیرۆریستیەکانیان رەت دەکاتەوە. هەرچەندە ئەو بەرەیە لاوازەو پەرشوبلاوەو کەموکوڕی زۆری هەیە بەلام توانای ئەوەی هەیە هێزەکانی کۆبکاتەوەو بەسەر دژواریەکاندا زالبێتو ریزەکانی خۆی جیابکاتەوەو رێگایەکی سەربەخۆ بگرێ، ئەم هێزە پێویستە بانگەشەی خەلکی عێراق بکات بۆ ئەوەی لەریفراندۆمی داهاتوودا لەسەر دەستور بەجددی بەشداری بکاتو تیایدا هەم "بەلێ"ی هێزە دینیو ناسیونالیستیە دەسەلاتدارەکانو هەم "نـــا"ی هێزە سەلەفیو بەعسیو زەرقاویەکان، رەتبکاتەوە، وە بەم جۆرە فرسەت نەدات بەداگیرکاری ئەمریکاو هێزە قەومیو دینیو بەعسیو زەرقاویەکان تا بەپێی بەرژەوندیەکانی خۆیان یاری بەچارەنوسی خەلکی عێراقو میللەتە جۆراوجۆرەکانیەوە بکەن. ئەم رەتکردنەوەیە هەنگاوێکی ترە بۆ داڕشتنی دەستورێکی مەدەنیو علیمانیو پێشکەوتنخوازانە کەوەلامدەرەوەی ئاواتو ئارەزووەکانی خەلکی عێراق بێتو لەئاستی چاوەڕوانیەکانی ئەواندا بێت کەخۆی لەدامەزراندنی عێراقێکی ئازادو دیموکراتو پێشکەوتوودا دەبینێتەوە کەئالای ئازادیو یەکسانیو دادپەروەری تیایدا شەکاوەبێت.

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوەو ئەو لێکدانەوە هەمەلایەنەیەی لەپاشکۆی ئەم بەیاننامەیەدا سەبارەت بەدەستورو بەشەکانو بڕگەو خالەکانی بلاوکراوەتەوە، داواتان لێدەکات لەریفراندۆمی داهاتوودا بەشداری بکەنو ئیرادەی خۆتان بهێننە مەیدانو بەرامبەر هەردوو ئەو جەمسەرە ناکۆکە نارەزایەتی دەربڕنو ئەو وەرەقەیەی کەبانگەشەتان دەکات بۆ "بەلێ"و بۆ "نـــا" رەتبکەنەوە، رەتی بکەنەوە چونکە هیچ رێگایەکی تر بۆ دەربڕینی ناڕازایەتی لەم پرۆسە دەستوریەدا دیارینەکراوە.

هەروەها یەکێتی کۆمۆنیستەکان داواش لەهێزو لایەنە چەپو کۆمۆنیستو هێزە پێشکەوتنخوازەکانو رێکخراوەکانی کرێکارانو ژنانو لاوانو رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی دەکات کەهەمان هەلوێست وەربگرنو بەم ئاراستەیە کارو هەلسووڕانی خۆیان بەرەوپێش بەرن.

**پێکەوە بۆ دژایەتیکردنی هەموو پڕۆژە دینیو سەلەفیو زەرقاویەکان**
**پێکەوە بۆ داڕشتنی دەستورێکی مەدەنیو علیمانیو پێشکەوتوو**
**بژی سۆشیالیزم**

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**کۆتایی ئەیلولی** 2005

# لێكدانەوەو خستنەڕوویەكی ڕەخنە گرانەی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی

## (پاشكۆی بەیاننامەی یەكێتی كۆمۆنیستەكان لەعیراق سەبارەت بەرەشنوسی دەستور)

**پێشەكی:**

پەندێكی عەرەبی دەڵێت "شاخ ژان گرتیو مشكێكی بوو"، سەرەنجام لیژنەی دەستوری، كەلەلایەنە دینیو مەزهەبیو ناسیونالیستیەكان پێكهاتبوو، لەسەر ڕەشنوسی دەستورێكی ئیسلامی كۆنەپەرست ڕێككەوتو خستیە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ بڕیاردان، ئەمیش بەدەوری خۆی پەسەندی كرد تاكو بخرێتە بەردەم خەڵكی عێراقو لەریفراندۆمی مانگی تشرینی یەكەمی داهاتودا بە"بەڵێ" "نەخێر" بڕیاری لەسەر بدرێت.

ئیدارەی ئەمریكی بەگەرمی پێشوازی لەم هەنگاوە كردو رایگەیاند كەئەوە هەنگاوێكی گرنگە ڕووەو دیموكراسی لەعێراقدا، هەروەها "زەلمای خلیل زاد" ووتی ئەو دەستورە باشترین دەستورە لەجیهاندا، ئێرانو كوەیتیش لەپێشەوەی ئەو وڵاتانە بوون كەپێشوازیان لەو ڕەشنوسەو لەبڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی كرد. كاردانەوەی خەڵكی عێراقیش سەبارەت بەم ڕەشنوسە جیاوازو جۆراوجۆر بوو.

ئێمە وەكو ڕێكخراوێكی سیاسی كۆمۆنیستی لەڕوانگەی بەرژوەندیەكانی چینی كرێكارو سەرجەم خەڵكی زەحمەتكێشو بێبەشەوە ئەم ڕەشنوسە، كەلەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە ڕاپرسی لەسەر دەكرێت، هەڵدەسەنگێنین، وەلێرەوە ئەم ڕەشنوسە لەچەند تەوەرەیەكی سەرەكیو هێڵی پاندا شیدەكەینەوەو ناچینە ناو ووردەكاریەكانی ماددەو برگەكانیەوە كەپڕیەتی لەكەلێنو ناكۆكیو خاڵی پێچەوانەی یەكتر.

## یەكەم: قۆرخكردنی بڕیاردانو گوێنەدان بەئیرادەو دەنگی زۆرینەی خەڵكی عێراق

حزبو لایەنە پێشكەوتنخوازو عیلمانیەكانو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیو ڕێكخراوەكانی ژنانو مافی مرۆڤو دەستەو كۆمەڵە رۆشنبیریو لیبراڵیەكانو هێزە چەپو كۆمۆنیستەكان لەچەند مانگی رابردوودا زۆر پرۆژەو پێشنیاری گرنگو بەنرخیان سەبارەت بەبەندو خاڵەكانی دەستورو دارشتنەكانی خستەڕوو، وەبەتایبەت لەبواری پەیوەندی دین لەگەڵ دەوڵەتو مافەكانی ژنانو مافو ئازادیە گشتیەكان، بەڵام هێزە دینیو سەلەفیەكان لەكۆمەڵەی نیشتمانیدا هەموو ئەو پێشنیارو پرۆژانەیان، بەچاوساغی ئەمریكا، خستەلاوەو لاپەڕەكانی دەستوریان بەپرۆژە سەلەفیەكانی خۆیان ڕەشكردەوە، بەهەڵداوان ئەم كارەیان بەرەوپێش برد لەترسی نیشتنەوەی هەرچی زیاتری حەماسەتی دینی لەشەقامی عێراقیداو لەگەڵ زەمەندا پێشبڕكێیان كرد تا هەرچی زووتر ئەو پرۆژە كۆنەپەرستانە بپێننەوەو بەرنامەی خۆیان بەسەر خەڵكی عێراقدا بسەپێنن، ئەو بەرنامەیەی كەهیچ نیە جگە لەدامەزراندنی نیزامێكی دینیو كۆنەپەرستو ئیستبدادی كەهیچ پەیوەندیەكی نەلەنزیكو نەلەدوورەوە بەسادەترین شكڵەكانی دیموكراسی هاوچەرخەوە نیە.

ڕەشنوسی كۆتایی لەگەڵ هەموو ئەو خاڵە ئیجابیانەدا كەخرانەڕوو ناكۆك بوو، داڕێژەرانی دەستور بەئەنقەست گوێبیستی ئیرادەو دەنگی شەقامی عێراقیو خواستو ئارەزووەكانی نەبوونو گاڵتەیان پێكردو لەم پێناوەشدا پارەیەكی زۆرو زەبەندیان بەفیڕۆداو سەرەنجامیش دەقی پرۆژە سەلەفیەكەی خۆیان لەگەڵ هاوپەیمانە ناسیونالیستیەكانیاندا بەرەوپێشبرد.

## دووەم: پیرۆزبایی كردنی ئەمریكا لەدەستورێكی ئیسلامی ووشكهەڵاتوو!

ئەمریكا ئەوەی وویستی لەعێراقدا دەستی لێگیربوو، ئەو توانی باڵادەستیو هەژموونی خۆی لەڕێگەی هەڵگیرسانی شەڕەوە لەم وولاتەو ناوچەكەو جیهاندا بسەپێنێت، دەستی بەسەر سەرچاوەكانی نەوتو چارەنوسی كرێكارانو زەحمەتكێشانی ئەم ناوچەیەدا گرتووەو باڵادەستیو دەستپێشكەری لەبواری سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتیدا لەدەست خۆیدا هێشتۆتەوە. هەروەها ئابوری ئەمریكا لەم دواییانەدا هەندێك خاڵی تری گەشەو پێشكەوتنی بۆ خۆی تۆماركردووە. لەلایەكی ترەوە ئەمریكا توانی ئاوری ئیرهابی ئیسلامی لەخۆی دوور بخاتەوە ئەویش لەڕێگای گۆڕینی عێراق بەگۆڕەپانی یەكلاكردنەوەی ململانێكان لەگەڵ رەوتە ئیسلامیە تیرۆریستەكان كەبەرژوەندیو ئامانجیان لەگەڵ بەرژوەندیەكانی دیوەزمەی ئەمریكادا یەكناگرێتەوە، وەهەروەها توانی، لانی كەم لەم قۆناغەی ئێستادا، ڕەقیبە نێودەوڵەتیەكانی لەعێراقو ناوچەی كەنداودا تەریكبخاتەوە.

بەو پێیە ئامانجە پانو بەرینەكانی ئەمریكا لەم قۆناغەی ئێستادا بەدیهاتووە، هەرچی ئامانجە بچوكو مەحلیەكانیترە لەچەشنی چۆنێتی كۆنترۆڵكردنی عێراقو شكڵو شێوەی ڕژێمی لەسەركارو ناوەڕۆكو میكانیزمی كارو هەڵسووڕانیو....تاد ئەوە خەریكە لەڕێگەی بزووتنەوە مەحلیەكانی لایەنگر لەخۆیو هاوسەنگی هێزی نێوانیانو چۆنێتی دیاریكردنو دابەشكردنی دەوری هەریەكێكیان یەكلای دەكاتەوە. گرنگ ئەوەیە چواچێوەو مەرجی سەرەكی بۆ كێشەو ململانێ سیاسیەكانو ئیدارەی ئەزمەی مەوجود وەكو خۆی بمێنێتەوە واتە مانەوەی عێراق وەكو پایەگایەك بۆ

داگیرکاری ئەمریکاو دەرنەچوونی لەو خولگەیەی بۆی دیاریکراوە، دیارە لەم پێناوەشدا دەیەوێت هێز لەبەری عێراق ببرێت و بەجۆرێك هیلاك و ماندووی بکات توانای بڕیاردان و دەستپێشکەری لەدەستبدات و نەتوانێت لەچنگ و ددانی دێوەزمەی ئەمریکا رزگاری بێت!

بۆ ئەم مەبەستەو بەئامانجی درێژەدان بەدەستەپاچەیی و هێزلەبەربڕین و هێشتنەوەی ئەم بارودۆخە، ئیدارەی ئەمریکا دەستی بۆ بزووتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامی و دینیەکان لەعێراقدا درێژکردووە. هەندێك لایان وابوو کەپێرۆزبایی ئەمریکا لەدەستورێکی ئیسلامی ووشکەهەڵاتوو وەرچەرخانێکی گرنگ بووە لەسیاسەتەکانی ئەمریکادا لەعێراقدا. بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە کەئەمریکا لەماوەی یەك سەدەی رابردوودا پشتیوانی لەرژێمە ئیسلامیە خێڵەکیەکانی ناوچەی کەنداو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە، وەبێ‌ی وابووە بزووتنەوە ئیسلامیەکان هاوپەیمانێکی ستراتیجی ئەون و بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە هەوڵی داوە لەخولگەی خۆی دەرنەچن و بۆ لای خۆیان رایانبکێشێت و کەڵك لەخزمەتەکانیان وەربگرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و پرۆژە چاوچنۆکەکانی خۆی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دارشتن و چنینی دەستورێکی ئیسلامی بۆ ئەمریکا کارێکی نامۆ نیە، ئەو دەستورە ئیسلامی و خێڵەکیەی ئەفغانستان بەوەستایەتی زەلمای خلیل زاد دارێژراو هەرئەویش چاوساغی دارشتنی رەشنوسی دەستوری نوێی عێراقی لەئەستۆگرت کەنوقمی کۆنەپەرستی و ئەحکامی دینی و تائیفی وشکەهەڵاتووە، هەر ئەویش بوو وەکو گاڵتەپێکردنێك بەخەڵك رایگەیاند کەئەو دەستورە لەباشترین دەستورەکانی جیهانە! وەسەرۆك بۆشیش کەوتە پیاهەڵدانی و رایگەیاند کەهاوشێوەی دەستوری دیموکراتێکی ئەمریکایە، ئیتر ئاشکرایە کەئەوان مەبەستیان لەدیموکراسی چیە!

دارشتنی ئەو دەستورە بەچاودێری و چاوساغی ئەمریکا لەراستیدا رووی راستەقینەی ئیمپریالیزمی ئەمریکای بێ‌هیچ دەمامکێك نیشاندا. ئەو گوتارە دیماگۆجیەی کەئەمریکا لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك رایگەیاند بەوەی کەعێراق دەبێت بەنمونەی دیموکراسی لەناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەی دیموکراتیکدا بەڕوونی ساختەبوون و درۆبوونی ئاشکرابوو. بەڕوونی دەرکەوت کەئەمریکا چۆن بۆ دەربازبوونی خۆی و دامەزراندنی رژێمێکی لایەنگر لەخۆی باوەشی بۆ ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان کردەوە، وەچۆن ئیسلامیەکانیش ئەو رۆڵەی پێیان سپێردرا قبوڵیان کردو ئامادەیی خۆیان بۆ خۆش خزمەتی نیشاندا وەکو چۆن لەدەیانساڵی رابردوودا ئەو کارەیان کردووە. لەراستیدا هیچ ناکۆکیەك لەنێوان بەرژوەندی ئەمریکاو بەژوەندی هێزە ئیسلامیەکاندا نیە، لەپرۆسەی ووتوێژەکاندا سەبارەت بە بابەتە دەستوریەکان بەڕۆشنی دیاربوو کەئەمریکا لایەنی هێزە ئیسلامیەکانی گرتووەو فشاری زۆری بۆ بزووتنەوە نەتەوەییە کوردیەکان هێناوەو ناچاری کردوون دەست لەزۆربەی داواکاریەکانیان هەڵگرن لەکاتێکدا کەلایەنی ئیسلامی–شیعی لەزۆربەی خاڵەکانی خۆی پاشەکشەی نەکرد.

چاوخشاندنێکی کورت بەسەر ئەو رەشنوسەدا کەهاوپەیمانێتی ئیسلامی شیعی پێشکەشی کردبوو لەگەڵ ئەو رەشنوسەدا کەهاوپەیمانێتی کوردستانی تەرحی کردبوو بەڕۆشنی روون دەبێتەوە کەچۆن بزووتنەوە ناسیونالیستیە کوردیەکان پاشەکشەیان کردووە لەزۆربەی داخوازیەکانیان و بەمانەوەی دەسەڵاتی بێ‌کەم و زیادی ئێستایان و فیدرالیزمێك لەشکڵ و شێوەیەکی تەمو مژاویدا رازیبوون، ئەمەش ئاکامی فشاری راستەوخۆی ئیدارەی ئەمریکاو فشاری ناوچەیی هەریەك لەدەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا بوو.

لەلایەکی‌ترەوە ئەوەی کەجێگای تێرامان و سەرسوڕمانە ئەوەیە کەئیسلامیەکان لەو باوەڕەدا نەبوون بەو خێراییە دەستیان لەدەسەڵات گیربێ‌و حکومەتێکی دینی و مەزهەبی رابگەیەنن. زۆربەی لایەنە ئیسلامیەکان هەمیشە، لەکاتی روخانی رژێمی صەدامدا، ئەوەیان دووپات دەکردەوە کەنایانەوێ حکومەتێکی ئیسلامی لەعێراقدا هاوشێوەی حکومەتی ئێران رابگەیەنن و پابەنددەبن بەهەڵبژاردنی دیموکراسیانەو فرەحزبی و زۆر ووتەی باوو سواوی تر. بەڵام ئەوە ئەمریکا بوو کەلەهەڵبژاردنی رابردوودا وەیان لەمیانەی پرۆسەی دارشتنی دەستوردا گڵۆپی سەوزی بۆ هەڵکردن تاکو بەو رێگایەدا برۆن. ئەمەیە گاڵتەجاڕی زەمانە، پێدەچێت ئەمریکا هاتبێ گیان بەبەری خیلافەتی ئیسلامیدا بکاتەوە لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئەو خیلافەتەی بغداد پایتەختەکەی بوو، بەڵام ئەمجارە بەو مەرجەی خیلافەتی ئیسلامی بەپێ‌ی بریارو فەرمانی سوڵتانی ئەمریکا بێ!

## سێیەم: دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی لەعێراق: شەریعەتی ئیسلامی سەرچاوەیەکی سەرەکی (وەیان تاقانەی) دەستورە

ئەو رەشنوسەی ئەنجومەنی نیشتمانی پەسەندی کردووە رەشنوسێکی ئیسلامیە کەزۆر لەیاسای دەوڵەتی کاتی عێراق کۆنەپەرستانەترە، لەمبارەیەوە پێویستە چەند تەوەرەیەك بخەینە روو:

### 1/ پەیوەندی دین و دەوڵەت: ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی (یان تاقانەی) یاسادانانە

رەشنوسەکە لەمادەدەی 2/یەکەم دا دەڵێت: (ئیسلام دینی رەسمی دەوڵەتەو سەرەچاوەیەکی سەرەکی یاسادانانە)، ئەمەش واتە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵات و یاساکان نیە، وەکو ئەوەی زۆبەی پرەنسیبەکانی دیموکراسی باسی دەکەن، بەڵکو ئەوە شەریعەتێکی ئاسمانی جێگیرە کە1500 ساڵ

تەمەنیەتی سەرچاوەیەکی سەرەکی دەستورو یاساکانە. هەر لەبەرئەوەی کەدەستور باسی هیچ سەرچاوەیەکی دەستووری تری نەکردووە وەکو زۆربەی دەستورەکانی تر کەسەرچاوەکان دیاریدەکەنو دەیانژمێرن، کەواتە، شەریعەتی ئیسلامی دەبێت بەتاکە سەرچاوەی دەستوری عێراقی، ئەمە ئەو هەنگاوە زیرەکانەیە کەدینیەکان کاریان بۆ کردوە. بۆ نمونە سەرچاوەکانیتر لەچەشنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ وەیان تایبەت بەمافو ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان یان ئەو ڕێککەوتنامانەی تایبەتن بەپاراستنی مافەکانی ژنانو بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر ژنان وە....تاد، ئەوانە نابن بەسەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی دەستور چونکە لەو ڕەشنوسەدا دیاری نەکراون. لەبەرئەوە دیارینەکردنی ئەوانە وەکو سەرچاوەکانی دەستور لەماددەیەکی تایبەتدا بەو مانایەیە کەهیچ سەرچاوەیەکی تر بۆ یاسادانان نیە جگەلە شەریعەتی ئیسلامی!. گریمان ئەو سەرچاوەیە بوونی هەیە (کەدیارە لەیاسادا گریمانە ناخوات)، ئەوە "برگەی "أ"ی هەمان مادده کەدەڵێت: (نابێت هیچ یاسایەك دابنرێت کەپێچەوانەی حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام بێت) هەموو ئەو گریمانانەش پووچەڵ دەکاتەوە، ئاشکرایە کەشەریعەتی ئیسلامی بەپێچەوانەی باقی شەریعەتە دینیەکانی ترەوە بەوە دەناسرێتەوە کەزۆربەی حوکمەکانی جێگیرنو لادان لێی مل پەڕاندنی بەدواوەیە!

هەروەها ماددەی 44 دەڵێت (هەموو تاکەکانی کۆمەڵ مافی خۆیانە بەهرەمەندبن لەو مافانەی لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا هەنو تایبەتن بەمافەکانی مرۆڤو عێراق پێشتر مۆری کردوون، بەمەرجێك پێچەوانەی پرەنیسبو حوکمەکانی ئەم دەستورە نەبێت)، واتە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامیو حوکمە جێگیرەکانی نەبێت. لەڕاستیدا ئەم مادەیە یەکەم: پاڵپشتە بۆ ئەو قسەیەی کەپێشتر باسمان کرد کەئەو ڕێککەوتننامەو بەڵێننامانەی عێراق مۆری کردوون سەرچاوەیەك نین لەسەرچاوەکانی دەستوری عێراق، وە دووەم: ئەو دەگەیەنێت کەئەو مافانەی لەو بەڵێننامانەدا هاتوون عێراق پابەند نابێت پێوەیو خود بەخود ئەو ئیلتزامە هەڵدەوەشێتەوە بەتایبەت ریککەوتننامەی مافی مرۆڤ چونکە ئەوانە "بدعە"و داهێنراوی ڕۆژئاوانو پێچەوانەن لەگەڵ ئیسلامدا.

گومانی تێدانیە کەدەستوری ئێستا بەجۆرێك خاڵو بەندەکانی نوسراوە کەببێتە هۆی دامەزراندنی نیزامێکی دینیو حکومەتێکی ئیسلامی لەشکڵو لەناوەڕۆکدا، وەئەو ڕەشنوسە ڕەمزی دامەزراندنو بیناکردنی نیزامێکی دینی ئیسلامیو نەهێشتنی ئەو دەسکەوتە سیاسیو مەدەنیو ئابوریانەیە کەلەشۆڕشی 1958 بەدواوە بەدەست هاتوون، هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی عێراق چەند سەدەیەك بەرەو دواوە، تاوەك نێچیرێك بەرادەیەك لاوازبێ توانای خۆرزگارکردنی لەچنگی داگیرکاری ئەمریکا نەبێت. ئەمە هاوشێوەی ئەو هەولانەیە کەکاتی خۆی بەریتانیای داگیرکەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیە دەرەبەگیە لەبەریەك هەڵوەشاوەکان لەعێراقدا ئەنجامی داو ڕەگو ریشەکانی بەهەموو شکڵو شێوەیەك بەهێزکرد.

## 2/ دادگای دەستوری ( فیدرالی ) باڵاو دادگا ئیسلامیە شەرعیەکان !

بۆ سەپاندنی ناوەڕۆکی ئەو دەستورە ئیسلامیە ئەوە مەلاکانو دینیەکانو پسپۆڕەکانی شەریعەتن کەدەبێت چاودێری تەواوی ئەم پرۆسەیە بکەنو لەدەستوری بوونی یاساکانو پرۆژە یاساییەکان بکۆڵنەوەو بڕیاری لەسەر بدەن. بۆیە پێکهاتی دادگای فیدرالی باڵا جیاوازیەکی نیە لەگەڵ دادگا شەرعیە کۆنەکان کەلەسەردەمە ئیسلامیەکاندا هەبوون. لەمبارەیەوە مادەی"90" برگەی دووەم دەڵێت (دادگای فیدراڵی باڵا لەکۆمەڵێك دادوەرو پسپۆڕانی فیقهی ئیسلامیو پسپۆڕانی یاسا پێکدیت، ژمارەی ئەندامەکانیو شێوەی دیاریکردنیانو کاری دادگاکە بەیاسایەك ڕێکدەخرێت کەدوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی دەنگی پێبدەن)، لەبەرئەوە دادوەرانو فەقێ ئیسلامیەکان لەرێگەی ئەم ماددەیەوە بەشێکی زۆری کورسیەکانی دادگاکەیان بۆ خۆیان داناوەو دەتوانن دەسەلاتی شەریعەت بەسەر یاساکانو بڕیارەکانی داهاتووی ئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنەکانی یاسادانانی هەرێمەکاندا بسەپێنن.

## 3/ مافو ئازادیەکان بەقەیدو بەندی نیزامی گشتیو ئادابی ئیسلامی بەستراونەتەوە

لەبواری مافو ئازادیەکاندا دەستور ئازادی بیروباوەڕو ڕادەبڕین بەبێ هیچ قەیدو بەندێك پێشێل دەکاتو بەنیزامی گشتیو ئادابی ئیسلامی سنوربەندی دەکات. لەمادەی "36"دا هاتووە (دەوڵەت، بەمەرجێك پێچەوانەی نیزامی گشتیو ئاداب نەبێت، ئەرکیەتی ئەمانە بپارێزێت: یەکەم/ ئازادی ڕادەبڕین بەهەموو ڕێگاو جۆرەکانیەوە، دووەم/ ئازادی ڕۆژنامەگەریو ڕاگەیاندنو بلاوکردنەوە، سێیەم: ئازادی کۆبونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانەو ڕێکخستنی بەپێی یاسا).

لەڕاستیدا قبوڵکردنی ئازادی بیروباوەڕو ڕادەبڕین بەبێ هیچ قەیدو بەندێك لەدەستوردا هێشتا ئەوە ناگەیەنێت کەئینسان بەهرەمەندە لەو مافو ئازادیانە چونکە ئەو ئازادیە شکڵیانە بەیاسا ئابوریەکانەوە شەتەك دراونو کرێکارانو خەڵکی زەحمەتکێش پارەی پێویست شك نابەن بۆ دەربڕینی

بیروباوەڕیان لەچەشنی چاپکردنی ڕۆژنامەو کەڵکوەرگرتن لەراگەیاندنی دەنگو ڕەنگو زۆر ئامرازی‌تر‌و ئەو مافانە تەنها مافی سەرمایەدارانو دەوڵەمەندەکانە بەتایبەتی لەکاتێکدا کەدەوڵەت بەئەرکی خۆی نەزانێت پشتیوانی مالی لەهەژارانو کرێکاران بکات تاکو بیروڕای خۆیان دەربڕن. بەلاَم لەگەڵ ئەم ڕەخنە هەمەلایەنەیەدا لەکورتهێنانی ئازادیە لیبرالیەکان دەبینین ئەم دەستورە تەنانەت بەوانەیشەوە پابەندنەبووەو هەموو سنورێکی بەزاندووەو ئەو مافو ئازادیانەی بەدابو نەریتو نیزامی ئیسلامیو خێڵەکی کۆنەپەرستانەوە پێشێلکردووە.

لەلایەکی ترەوە بوونی شەریعەتی ئیسلامی بەسەرچاوەی سەرەکی وەیان تاقانەی دەستور خۆی پێشێلکردنی ئازادی بیروباوەڕو ئازادی ڕادەبڕینو ئازادی خۆڕێکخستنە لەکۆمەڵەو حزبە عیلمانیو نادینیەکاندا چونکە ئەو مەسەلانە لەچوارچێوەی دین دەردەچنو دەکرێ بە"بدعە"ی کافرەکانو نەفامەکان ناوزەد بکرێن.

هەروەها ماددەیەکی تەمومژاوی‌تر لەدەستوردا هەیە کەزۆر نیشانەی پرسیاری لەسەر دادەنرێ واتە ماددەی"7" بڕگەی یەکەم کەدەڵێت دەبێت هەموو ئەو قەوارە سیاسیانەی هانی تیرۆر دەدەن (بەبێ‌ئەوەی ڕونی بکاتەوە تیرۆر چیە) وەیان هەموو قەوارە تەکفیریەکان قەدەغەیەو ڕوونی ناکاتەوە مەبەست لەتەکفیر چیە ئایا مەبەست لەو ووشەیە ئیلحادە یان شتێکی تر؟

## 4/ حکومەتی ئیسلامی بە پێی سروشتو پێکهاتی خۆی حکومەتێکی دینیو تائیفیە

هەوڵدان بۆ دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی لەعێراقدا واتە بەڕێوەچوونی هەلاَواردن لەدژی ئەوانەی کەموسڵمان نین لەچەشنی مەسیحیەکانو سابئەکانو یەزیدیەکانو باقی پەیڕەوانی دینەکانی تر. پەیڕەوانی دینەکانی‌تر دەبن بەهاولاَتیانی پلەدوو، باسکردن لەوەش کەئەوان ئازادن لەبەڕێوەبردنی ڕێو ڕەسمی ئاینی خۆیاندا بەو مانایە نیە کەهەلاَواردن نایانگرێتەوە چونکە دەوڵەت لەهەموو مەیدانەکاندا شەریعەتی ئیسلامی بەڕێوەدەبات. ئاشکرایشە کەبزووتنەوە ئیسلامیەکان باوەڕیان بەئازادی بیروباوەڕ نیە جگە لەبیروباوەڕی ئیسلامو مەزهەبو تائیفەکان نەبێت. حکومەتێکی ئیسلامی بەپێی سروشتی خۆی حکومەتی هەلاَواردنی دینی ئیسلامیە دژی کەمایەتیە دینیەکانی‌ترو سزای دینی هەرکەسێك دەدات لەگەڵ باوەڕو بیروڕای ئەوانی هەڵنەگرێ. ئەگەر لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵنەدەینەوەو تەنها چاوێك بەئەزموونە هاوچەرخەکاندا لەئێرانو پاکستانو سودانو ئەفغانستانو هندستاندا بگێڕین دەبینین حکومەتە دینیەکان لەدژی کەمایەتیە دینیەکانی تر هەلاَواردن بەڕێوەدەبەن، لەپاکستانو ئەفغانستان کەمایەتیەکی شیعی هەیە لەهەموو بوارەکاندا زوڵمی لێدەکرێت، مەسیحیەکان چەوساوەی دەسەلاَتی حکومەتی ئیسلامی سودانن، موسڵمانەکان لەهندستاندا بوون بەنیشانەی زۆرینەی هندۆسی، بێباوەڕەکانو نادینیەکانیش لەلایەن هەموو حکومەتە دینیە ڕەنگاو ڕەنگەکانەوە پەلامار دەدرێن. عێراقیش لەم قاعدەیە بەدەر نابێ لەحاڵێکدا کەدەوڵەتی عێراقی نوێ پشت بەشەریعەتی ئیسلامی ببەستێت.

لەڕەشنوسی دەستوردا تێبینی ئەوە دەکرێت کەزۆر ماددەی تایبەتە بەپیرۆزکردنی مەرجەعیەتی دینیو مەزارە دینیەکان، لەمادەی "10" هاتووە کە (مەزارە پیرۆزەکانو شوێنە ئاینیەکان قەوارەی ئاینیو شارستانین، دەوڵەت ئەرکیەتی حورمەتی ئەوانە بپارێزێتو زەمانەتی بەڕێوەچوونی ئازادانەی مەراسیمە دینیەکان دابینبکات)، هەروەها مادەی "40" دەچێتە سەر مەراسیمە حوسەینیەکانو ئەرکی دەوڵەت لەبواری پاراستنی شوێنەکانی خوداپەرستیداو...تاد، ئەمانەو چەندین ماددەی‌تر هەن تایبەتن بەپابەندبوونی دەوڵەت بەئەرکە دینیەکان بەگشتیو ئەرکە ئیسلامیەکان بەتایبەتی.

هەموو ئەو بەندو ماددانە بەڕۆشنی ئەوە دەگەیەنن کەلەبەرئەوەی موسڵمانەکان زۆرینەن بۆیە دەبێت لەدەستوردا مافو ئیمتیازاتی تایبەتیان هەبێت جیاواز بێت لەپەیڕەوانی دینەکانی تر، چونکە دینی ئەوانە دینێکی نارەسمیە بۆیە ئەوان هاولاَتی پلەدوون لەو بوارەدا.

## 5/ دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی واتە پەیڕەویکردن لەتائیفیەتو باوەڕی مەزهەبی

دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی خۆی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیو دوبەرەکی لەنێوان بزووتنەوە ئیسلامیەکاندا سەبارەت بەسروشتی ئەو حکومەتەو شکڵو شێوەکەیو میکانیزمی کارو هەڵسوڕانەکەی، ئایا ئەو حکومەتە حکومەتی "ولایەتی فەقیهە" یان لەسەر شێوەی حکومەتی سعودی وەهابیە یان لەسەر مۆدێلی ئیخوان موسلمینە یان هاوشێوەی حکومەتی سەربازی ئیسلامی پاکستانو سودانە وەیان .... ئەمانەو چەندین پرسیارو ناکۆکی‌تر کەریزەکانی بزووتنەوە ئیسلامیە دینیەکان لەبەریەك دەترازێننو مەیدان ئاوەلاَ دەهێڵنەوە بۆ سەرهەڵدانی شەڕو دوبەرەکی نێوانیانو یەکلاکردنەوەی حساباتی کۆنەپەرستانەیان لەگەڵ یەکتر وەیان دەرگا دەخاتە سەرپشت بۆ تەدەخولی وولاَتانی ئیسلامی کۆنەپەرستی وەکو سعودیەو ئێرانو ئەوانی تر.

### 6/ ژیانی بێکۆتایی جمهوری ئیسلامی

ڕەنگە بووتریّ ئەوانەی لەهەڵبژاردنی رابردوودا بردیانەوە بوون بەداڕێژەری دەستورو هەر هێزێکیتر کەلەهەڵبژاردنی داهاتوودا بیاباتەوە دەتوانێت ئەو برگەو ماددانەی دەستور بگۆڕێ ئەگەر زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی بەدەستهێنا. بەڵام کاتێك مادەی 123/دووەم بخوێنینەوە دەبینین کەمەسەلەکە بەجۆرێکی ترە، ئەو ماددەیە دەڵێت (نابێ ئەو پرەنسیبە سەرەکیانەی لەبەشی یەکەمی ئەم دەستورەدا وەیان ئەو مافو ئازادیانەی لەبەشی دووەمی ئەم دەستورەدا هاتووە تاکو دوو هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەکی تر دەسکاری بکرێن، دوای ئەو کاتەیش دەبێت دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی دەنگی بۆ بدەنو دواتر بخرێتە بەردەم ریفراندۆمێکی گشتی تاکو بریاری لەسەر بداتو سەرۆك کۆماریش لەماوەی 7 رۆژدا ئەو کارە پەسەندبکات)، بەم جۆرە دەبینین کەداڕێژەرانی دەستور رێگەیان لەهەوڵی گۆڕینی ئەم دەستورە گرتووە، عێراق دەبێت لەسایەی جمهوری ئیسلامیدا بژی هەتاکو ئەگەر هێزە عیلمانیەکانو نائیسلامیەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوودا وەیان لەهەڵبژاردنی دوای ئەویشدا واتە بۆ ماوەی 8 ساڵ لەسەریەك، دەنگ بهێنن. وەلەحاڵی دەنگدانی ئەنجومەنی نیشتمانیدا بەرێژەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان بۆ گۆڕینی جمهوری ئیسلامی لەعێراقو خەڵکی عێراقیش ئەو کارەیان لەریفراندۆمدا پەسەندکرد ئەوە لەم کاتەیشدا بریاری کۆتایی لەدەستی سەرۆك کۆماری ئەم جمهوریە ئیسلامیدایە چونکە ئەو دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەو بریارە لەماوەی 7 رۆژدا رەت بکاتەوە. ئاشکرایە کەئەم بەندانە بەتەواوی بەگیانی قۆرخکردنی دەسەڵاتو دەستپێوەگرتنیو مانەوەی بێکۆتایی لەسەر کورسیەکانی دەسەڵات نوسراون.

## چوارەم: مەسەلەی کورد

- **مەسەلەی کوردو مافی دیاریکردنی چارەنوس**

ڕەشنوسی دەستور خۆی لاداوە لەدانان بەمافی گەلی کورددا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی. بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان (ئەو پەیماننامەیەی کەکاریگەری شۆرشی ئۆکتۆبەری روسیاو ئالای مافی دیاریکردنی چارەنوسی نەتەوەکان بەسەریەوەبوو) باشترین رێگاچارە بۆ چارەسەری زوڵمی نەتەوەیی لەوەدایە کەمافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ نەتەوەی زوڵملێکراو بەرەسمی بناسرێت، وەریفراندۆمێکی گشتی بەچاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان رێکبخرێت کەتیایدا ئەو نەتەوەیە بریاربدات کەلەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا دەمێنێتەوە یان رێگای جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵدەبژێرێت.

بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو پرەنسیبەوە توانرا زۆر کێشەو دووبەرەکی ناسیونالیستی چارەسەربکرێتوکۆمۆنیستەکانو سۆشیالیستەکانیش لەریزی پێشەوەی لایەنگرانی پەیرەوکردنی بوون. هەروەها هێزە ئیمپریالیستیەکانیش زۆرجار هەوڵیان داوە کەڵکی لێوەربگرن بۆ نانەوەی دووبەرەکیو دروستکردنی قەڵشتی قەومی، ئەو هێزانە هەندێك جار لەبەر بەرژوەندی سیاسیو ئیمپریالیستی خۆیان دیفاعیان لەم پرەنسیبە کردووەوکاتێکیش بەپێچەوانەوە بووبێ دژایەتی سەرسەختیان کردووە.

ڕۆشنە کەکێشەی کورد لەعێراقدا یەکێك لەو کێشانەیە کەئەم پرەنسیبە دەیگرێتەوە. گەلی کورد بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەسایەی دەوڵەتی عێراقدا کەبەریتانیای داگیرکار دایمەزراند زوڵمو چەوساوەنەوەی نەتەوەیی لەسەربووەو پەیرەویکردن لەم چەوسانەوەو هەڵاواردنە بەشێکی گرنگی پایەکانی دەوڵەتی عێراق بووە. سیاسەتی سەرکوتو دەستوەشاندنی نەتەوەیی لەسەر دەستی نیزامی بەعسی خوێنرێژ بەئەوپەری خۆی گەیشت.

هەرکەس دەیەوێت عێراق لەبرینو تەنگژەی نەتەوەیی رزگاری بێتو برینەکانی سارێژبکاتو جاریکیتر کارەساتی قەومی–مرۆیی گەورە لەمێژوی داهاتوویدا بسرێتەوە پێویستە کە: یەکەم/دان بەوەدا بنێت کەخەڵکی کوردستان مافی خۆیانە وەکو زۆربەی گەلو نەتەوەکانیتر چارەنوسی خۆیان دیاریبکەنو کۆتایی بەزوڵمو چەوسانەوەی قەومی بهێنن. دووەم/ دەبێ ئەوە بزانێت کەمافی دیاریکردنی چارەنوس هەم یەکێتیو هەم جیابوونەوە دەگرێتەوە، دوابریاریش لەم بارەیەوە بۆ ئەو نەتەوەیە دەگەرێتەوە کەچەوساوەتەوە واتە بۆ خەڵکی کوردستان خۆی، ئەم خەڵکە پێویستە لەریفراندۆمێکی گشتیدا بریاربدات کەئایا لەچوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتەوە بەپاراستنی هەموو مافە رۆشنبیریو نەتەوەییەکانی خۆیەوە وەکو مافی خوێندن بەزمانی دایكو بەهرەمەندبوون لەجۆرێك لەسەربەخۆیی بەرێوەبردنو ... وەیان جیادەبێتەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ رادەگەیەنێت.

بەریتانیای داگیرکەر کاتێك بنەماکانی دەوڵەتی نوێی عێراقی دارشت نکوڵی لەم مافەی خەڵکی کوردستان کرد، هەروەکو چۆن نکوڵی لەمافی گەلانی تریش کرد لەچەشنی مافی خەڵکی فەلەستین. بەدوای ئەمیشدا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق وایپناسەی خۆیان دەکرد کەحکومەتێکی عەرەبینو پابەندی رێبازی قەومی عەرەبین، بۆیە هەمیشە سیاسەتی ستەمو چەوسانەوەی نەتەوەییان بەرێوەبردووەو جەنگێکی قەومیان هەڵگیرساندووە کەبەسەدان هەزارکەسی لەخەڵکی عێراق کردووە بەقوربانی. هەرچی بزووتنەوە قەومیەکانی کوردە ئەم بارودۆخەیان قۆستۆتەوەو

بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و نفوزی خۆیان لەرێگەی دژایەتی و بەرگری ئەو زوڵم و ستەمەی لەسەر خەڵکی کورد هەبووە، کەڵکیان لێوەرگرتووە. ئەو بزووتنەوانە دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنوسیان بەرزنەکردۆتەوە بەو بیانوەی بارودۆخی بابەتی بۆ ئەو دروشمە لەبارنیە بۆیە خوازیاری ئۆتۆنۆمی یان فیدرالیزم بوون بەمەبەستی سەپاندنی باڵادەستی خۆیان لەکوردستانداو بۆ نەهێشتن و ریشەکێشکردنی یەکجارەکی زوڵمی قەومی خەباتیان نەکردووە.

هەر لەبەرئەوەی حکومەتی مەرکەزی لەلایەکەوە هەموو هەوڵ و تواناکانی خستۆتەگەڕ بۆ دژایەتی چارەسەری ریشەیی مەسەلەی کورد وەلەلایەکی ترەوە بزووتنەوە ناسیونالیستیە کوردەکان هەوڵیان داوە کەڵکی لێوەربگرن بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات لەدەسەڵاتدا، لەبەرئەوە کێشەی کورد هەروا لەبازنەیەکی بەتاڵدا بۆ ماوەی دەیان ساڵ سوڕاوەتەوە و چۆتە قاڵبی سات و سەودای نێوان حکومەتی ناوەندی و بزووتنەوە قەومیە کوردیەکانەوە.

ووتوێژەکان سەبارەت بە بابەتەکانی دەستورو فیدرالیزم بەڕۆشنی ئەوەی نیشاندا کەجارێکی تر کێشەی کورد لەهەمان بازنەدایە هەرچەندە ئەمڕۆ لایەنە بەشداربووەکانی ئەو گفتوگۆیانە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبێت. دوێنێ بزووتنەوەی ناسیونالیستی بەعس بوو لەحەفتاکان و هەشتاکانداو ئەمڕۆ حزبە ئیسلامیەکان ئەو دەورە دەبینین و خەریکی سات و سەودان بەمەسەلەی کوردو جێبەجێکردنی خواست و داواکاریەکانی وولاتانی دراوسێی عێراق و ملکەچبوون بۆ مەرج و فشارەکانیان. سەمەرو ئاکامی ئەو گفتوگۆ ماراسۆنیانە لەراستیدا ئەوەندە بایەخی نیە کەباسبکرێت و ئاماژەی پێبکرێت. تەنها چاوخشاندنێك بەرەشنوسی دەستوردا ئەم راستیە بەڕوونی دەخاتەڕوو.

رەشنوسی دەستور چارەسەرێکی ریشەیی بۆ مەسەلەی کورد نەخستۆتەڕوو، تەنها ئاماژەی بەفیدرالیەت کردوە ئەویش لەشێوەیەکی ناڕۆشن و تەم و مژاویداو دواتریش هەواڵەی ئەنجومەنی نیشتمانی داهاتووی کردووە!، ئەو رەشنوسە هیچ ئاماژەیەکی تێدانیە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لەرێگەی دانانی بەمافی دیاریکردنی چارەنوس بۆ گەلی کورد، بگرە یەکێك لەمەرجە سەرەکیەکانی ئیئتلافی شیعی بۆ ووتوێژەکان رەتکردنەوەی ئەو داخوازیەو پابەندبوونی بێ پێچ و پەنا بوو بە"یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی عێراق"و لەسەر ئەو بنەمایەشەوە ووتوێژەکان سەبارەت بە"فیدرالیزم" دەستی پێکرد.

لەراستیدا هیچکات ئەو بزووتنەوە دینیە ئیسلامیانە وەکو بزووتنەوە ناسیونالیستیە عەرەبیەکان رق و بێزاری خۆیان لەمافی دیاریکردنی چارەنوس نەشاردۆتەوەو بەتوندی رەخنەیان لێگرتووە بەبیانوی پاراستنی "یەکێتی خاکی عێراق"و دژایەتی مەیلی جوداخوازی، لەم هەنگاوەشیاندا ئەمریکا لایەنگریان بووەو فشاری هەمەلایەنەی هێناوە بۆ دەستبەرداربوون لەم داخوازیەو باسنەکردنی لەدەستورداو تەنانەت باسنەکردنی کێشەی کورد لەدەستورداو تەنها ئاماژەکردن بەوەی کەعێراق لەهەرێمە فیدرالیەکان پێکهاتووەو بڕانەوەی ئەوەیش بەئەنجومەنی نیشتمانی داهاتوو سپێردراوە.

لەلایەکی ترەوە بزووتنەوە ناسیونالیستیە کوردەکان بۆ جارێکی تر نیشانیاندا کەئەوان نوێنەری خواست و چاوەڕوانیەکانی خەڵکی کوردستان نین و نەشیان توانی بەشێوەیەکی دروست کێشەی کورد بخەنەڕوو وەچارەسەرێکی دیموکراتی بۆ بدۆزنەوە، ئەوان نیشانیاندا کەبۆ پاراستنی دەسەڵاتی لەرزۆکی ئێستایان لەکوردستاندا، ئەو دەسەڵاتەی بەهۆی راپەڕینی جەماوەری ساڵی 1991 بەدەستیان هێناو لەبارودۆخێکی نائاساییدا وەکو خۆی مایەوەو شەڕی ئەمریکا لەدژی عێراق بنەماکانی ئەو بارودۆخەی پێشووی هەڵتکاندووە، ئامادەن مل درێژبکەن بۆ دەسەڵاتێکی دینی و سیوکراتیکی داپڵۆسێنەر تەنها بەو مەبەستەی کورسیەکانی دەسەڵاتیان بپارێزن، هەروەها ئیدعای عیلمانیەت و مەدەنیەت و مافەکانی ژنان و چەندین موزایەدات و ئیدعائاتی تر تەنها بەو مەبەستە هێنایانە گۆڕ کەفشار بۆ ئیئتلافی شیعی بهێنن و سەرەنجامیش ئەم ئیئتلافە لەخواست و داواکاریە گەورەو بچوکەکانی خۆی نەهاتەخوارەوە.

داڕێژەرانی دەستور بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵك ئیدعا دەکەن کەکێشەی کورد لەعێراقدا لەدەستوردا چارەسەربووە، بەڵام ئاشکرایە کەدانانی بەمافە کەلتوری و میللیەکانی خەڵکی کوردستاندا لەچەشنی بەرەسمی بوونی زمانی کوردی لەعێراقداو باقی مافە رۆشنبیری و کلتوریەکان و مانەوەی کوردستان وەکو هەرێمێکی دەستلێنەدراو لەم بارودۆخەدا بەو مانایە نیە کەکێشەی کورد چارەسەربووە چونکە ئەوانە بارودۆخی نائاسایی ئەمڕۆ کەعێراق و کوردستان پیایدا تێپەڕدەبێت سەپاندوویەتی.

هەروەها سەبتکردنی ئەوەی کەنیزامی سیاسی عێراق نیزامێکی ئیسلامی فیدرالیە خۆی لەخۆیدا ناکۆکیەکە، چونکە دامەزراندنی حکومەتێکی دینی لەعێراقدا لەبناغەدا رەتکردنەوەی بوونی هەموو ئەو بزووتنەوە سیاسیانەیە لەدەرەوەی چوارچێوەی دینن لەوانەش بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردی و مۆرکردنی تۆماری لەنێوچوونی داهاتوویانە هەرچەندە ئەمە لەم ساتەدا لەسەر کاغەز مۆرکرابێ. چونکە رۆشنە کەبزووتنەوە دینیەکان

ناتوانن بوونی بزووتنەوەی نادینی قبوڵ بکەن و ئەگەر ئێستا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات ئەوە بۆ هاوسەنگی هێزو بارودۆخێکی وەختی سەپاو دەگەڕێتەوە. ڕاگەیاندنی خمینی لەدوای گرتنەدەستی دەسەڵات لەئێراندا لەبەرامبەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی ئێراندا بەوەی کەلەئیسلامدا نەتەوەکان و مافی نەتەوایەتی نیە چونکە هەموو موسوڵمانین و بەندەی خوداین و جیاوازی لەنێوانماندا نیە، نمونەیەکی ڕۆشنە بۆ هەوڵی ئەو بزووتنەوانە بۆ سەرکوتی خواست و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان و نکوڵی کردن لەمافی دیاریکردنی چارەنوس و لەباربردنی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و ڕادیکاڵ لەو کاتەدا.

- **فیدرالیزم**

لەمەسەلەی فیدرالیەتدا مەسەلەیەکی بنەڕەتی ڕوویدا کەهاوکێشەکەی سەروبن کردەوە. ڕەشنوسی دەستور فیدرالیزمی وەکو ڕێگاچارەیەك بۆ کێشەی کورد لەم قۆناغەدا قبوڵ نەکردووە هەروەکو چۆن کاتی خۆی ئۆتۆنۆمی لەسەرەتای حەفتاکاندا وەکو ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد ڕاگەیەنراو بەیاننامەی 11ی ئازار(واتە دانانان بەئۆتۆنۆمیدا) نمونەی ئەو چارەسەرە بوو. بەڵام دەبینین ڕەشنوسی دەستور لەم تەوەرە دروستە لایداوەو مەسەلەی فیدرالیزم بەبارێکی تردا شکاوەتەوە.

سەرەتا فیدرالیزم وەکو ڕێگاچارەی مەسەلەی کورد لەم بارودۆخەدا هاتەئاراوەو یەکێتی کۆمۆنیستەکانیش ئەم ڕێگاچارەیەی پێباشبوو بەمەرجێك کەلەناوەندا حکومەتێکی دیموکراتیك و مەدەنی دابمەزرێت کەبەڕۆشنی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان بەرەسمی بناسێت و خودی خەڵکی کوردستانیش لەریفراندۆمێکدا ئەم ڕێگاچارەیە قبوڵ بکەن و لەوانەش واوەتر فیدرالیزمی لەڕووی ئیداریەوە بۆ عێراق پەسەندکرد. ئەوەی کەڕوویدا خۆڵادانێکی ئاشکرابوو لەم خواست و مەرجانەی خەڵکی کوردستان بوو، تائەو ڕادەیەی کەفیدرالیزم ئاوەژووکرایەوەو گۆڕدرا بەهەوڵدان بۆ پێکهێنانی هەرێمە نەتەوەیی و تائیفیەکان لەعێراقدا. فیدرالیەتێکی قەومی لەباکورو فیدرالیەتێکی مەزهەبی لەباشورو ...تاد.

لەڕاستیدا حزبە دینیە شیعیەکان بۆ وورووژاندن و هاندانی خەڵك لەدژی تەرحی فیدرالیزم و وەیان بۆ لایەنگری و خۆقایمکردن لەپشتی تەرحی فیدرالیەتی پارێزگاکانی باشوورەوە توانیان ڕەواڵی ئاسایی تەرحەکە بگۆڕن لەتەرحێکی دیاریکراوەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردو بەڕێوەبردنی ئیداری عێراق بۆ تەرحێك بۆ پێکهێنانی قەوارەی قەومی و تائیفی داخراو کەسەرەنجام دابەشبوون و پەرتەوازەیی و شەڕو دووبەرەکی لێدەکەوێتەوە وەیان دەبێتەهۆی نەمانی دەوڵەت لەفراوانترین ئاستی خۆیداو شکڵگرتنی کۆمەڵێك قەوارەی سیاسی قەومی و تائیفی کەخۆیان نیمچە دەوڵەتێکن بەڵام لەبنەڕەتدا مقومات و تایبەتمەندی دەوڵەتیان نیە هەروەکو چۆن ئێستا لەئەفغانستاندا دەوڵەتێکی ڕەمزی مەرکەزی هەیەو کۆمەڵێك قەوارەو ئیماراتی فعلی کەکۆنترۆڵی خەڵکی ئەفغانستانیان کردووەو یاری بەچارەنوسەکەی دەکەن.

ئێمە ئەم شێوە شێوێنراوەی فیدرالیزم ڕەتدەکەینەوەو پێمان وایە ئەوە هەوڵێکە بۆ خۆشکردنی ئاوری شەڕو دووبەرەکی قەومی و تائیفی لەعێراقداو هەنگاوێك نیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەترسیانە.

لەواقعدا ئەو ڕەشنوسە کاتێك جێگای قبوڵی خەڵکی عێراقە کەوەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکانی بێت و هەوڵێك بێت بۆ : یەکەم/ چارەسەری کێشەی قەومی لەڕێگەی دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیك و مەرکەزی کەدان بنێت بەمافی هاوڵاتیبوونی یەکساندا بەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەزو ڕەچەڵەکی میللی. دووەم/ دانانان بەمافە میللی و کلتوریەکانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی عێراق بەبێئەوەی باسی زۆرینەو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان بکرێت. سێیەم/ دانانان بەمافی خەڵکی کوردستاندا بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی لەریفراندۆمێکی گشتیدا کەتیایدا دوابڕیار لەدەستی خەڵکی کوردستان خۆیدا بێت بۆ مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا بەهەموو مافە میللی و کلتوریەکانی خۆیەوە وەیان جیابوونەوە لێی و پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ. چوارەم/ قبوڵکردنی فیدرالیزم لەباری ئیداریەوەو قەدەغەی پێکهێنانی قەوارە فیدرالیە قەومی و مەزهەبیەکان لەژێر هەر بیانویەکدا بێت.

## پێنجەم: مەسەلەی ژنان لەعێراقدا

- **هەژمکردنی مافەکانی ژنان لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا**

ڕەشنوسی دەستور هەوڵێکی چڕوپڕی داوە بۆ لەچاڵنانی هەموو ئاوات و هیواکانی ژنانی عێراق بۆ دامەزراندنی نیزامێکی عیلمانی و مەدەنی کەمافەکانی ژنان و کەرامەت و ئینسانی بوونیان تیایدا پارێزراو بێ. ئەو ڕەشنوسە لەماددەی دوەمیدا دینی ئیسلامی کردوە بەدینی ڕەسمی دەوڵەت (ئەمە لەکاتێکدا کەدەوڵەت دینی نیە)و هەموو یاساکانی عێراقیش نابێ پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی بن، بۆیە دەستورێکی لەم چەشنە حوکمی کۆیلەبوونی ژنان و بێبەشی و بێمافی ئەوانی دەرکردووە چونکە ئاشکرایە شەریعەتی ئیسلامی بەزوڵم و بێبەشکردنی ژنان چ وەکو مرۆڤێك و چ

وەك هاونیشتمانیو چ وەك كرێكارێك دەناسرێتەوە. ئەم ڕەشنوسە ژیانی ژنان لەچوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا لەقاڵب دەداتو دەسەڵاتی پیاوسالارانە بەسەریاندا زاڵ دەكاتو دەیانكات بەهاوڵاتی پلەدوو چونكە لەسەر بنەمای ڕەگەزی نێرو مێ سیاسەتی هەڵاواردن پەیڕەودەكاتو لەبوارەكانی هاوسەرێتیو جیابوونەوەو نەسەبو میراتدا ژنان لەمافە ئینسانیو مەدەنیەكانی خۆیان بێبەش دەكات.

هەروەها تۆماركردنی ئەو خاڵەی كەعێراق تەنها پابەندی ئەو ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتیانەیە كەپێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامی نەبن بەو مانایەیە كەهەموو ئەو ڕێككەوتننامانەی تایبەتن بەدژایەتی توندوتیژی لەسەر ژنان وەیان دەربارەی مافو ئازادیەكانی ئەوانن هەڵدەوەشێتەوە.

- **پەرەپێدانی ڕۆڵی خێڵەكانو عەشیرەتەكان**

ماددەی 43/دووەم دەڵێت: (دەوڵەت ئەركیەتی پەرەبدات بەڕۆڵی خێڵو عەشیرەتەكانی عێراقو كاروبارەكانیان بەجۆرێك ڕێكبخات كەپێچەوانەی دینو یاسا نەبێتو هەموو بەها مرۆییە جوانەكانیان دەستپێوەبگرێو بۆ خزمەتی پەرەپێدانی كۆمەڵگا بیخاتەگەڕو ڕێگە لەو دابو نەریتانەش بگرێت كەپێچەوانەی مافەكانی مرۆڤن). لەكاتێكدا كەدارێژەرانی دەستور بەئەركی دەوڵەتی دەزانن پەرەبدات بەڕۆڵی خێڵو عەشیرەتەكان ئەوە لەبیردەبەنەوە كەئەركی گرنگ ئەوەیە ڕۆڵی دەوڵەت خۆیو دامو دەزگاكانو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بەهێزبكرێتو زەمینەسازی بكرێت بۆ ئەوەی دابو نەریتو دەسەڵاتی خێڵو عەشیرەتەكان كەمبكرێتەوە تا ئەو ئاستەی دەپوكێتەوە بەتایبەت ئەو دابو نەریتانەی بەدژی سادەترین مافو ئازادیەكانی ژنانن لەچەشنی خوێنخۆشكردن بەژنانو ژنو بەژنو ...تاد، بەڵام دەبینین بەپێچەوانەوە دەیانەوێت ڕۆڵی خێڵو عەشیرەتەكان بكەن بەپاڵپشتی دەورو ڕۆڵی حزبە دینیەكانیان. ئەمە بەئاشكرا نەفامیو دواكەوتوویی ئەو حزبە دینیانە ڕوون دەكاتەوەو هەوڵەكانیان دەخاتەڕوو بۆ بەهێزكردنی ڕۆڵی شیخی عەشیرەتو خێڵو دەشتەكیەكان لەدامو دەزگاكانی دەوڵەتو تەرخانكردنی پارەی زۆرو زەبەند بۆ گەرمكردنو فراوانكردنەوەی دیوەخانەكانیانو چەندین جۆری تر لەئەركی دەوڵەت بۆ "پەرەپێدانی" كاروبارەكانیان.

- **گەڕانەوەی بڕیاری 137**

حزبە دینیە سەلەفیەكان زۆرترین هەوڵیان داوە تالەڕێگەی دژایەتی مافەكانی ژنانو سەندنەوەی دەسكەوتەكانیانو سەپاندنی كۆیلەتیو بێمافی بەسەریاندا دەسەڵاتو بالادەستی ڕەشی خۆیان بەسەر شەقامی عێراقیدا بسەپێنن. وەلەواقعدا لەباری عەمەلیەوە كاتیان بەفیڕۆنەداوە بۆ سەپاندنی حجابی ئیسلامی زۆرەملێو سزادانی ئەوانەی پابەندنەبوون پێوەی تائەو رادەیەی كەئەم سزایە مەسیحیەكانیشی گرتۆتەوە. ئەم سزایانەش شكڵو شێوەی جۆراوجۆری هەبووە وەك كوشتن، تیرۆركردن، فڕاندن، بەردەباران، تێزاب ڕشتنو چەندین ڕێگاو شێوەی دڕندانەو بەربەریتر. هەروەها هەوڵیانداوە دواكەوتووترینو داڕزیوترین دابو نەریتی كۆنەپەرستو خێڵەكیو دەشتەكی زیندووبكەنەوەو كەتیایدا ژنان یەكەمین قوربانیەكانی بوون.

بەڵام پێدەچێت ئەوانە بەلایانەوە بەس نەبێ. بۆیە پێویستە، لەڕوانگەی ئەوانەوە، ژنان لەبواری هاوسەرێتیو تەلاقو میراتو نەسەبدا كۆیلەی تەواو بنو دەورو ڕۆڵی دەوڵەت لەو بوارانەدا بەتەواوی دووربخرێتەوەو مەلاكانو عەمامەبەسەرەكان ئەو كاروبارانە ڕێكبخەن بەپێی شەریعەتی ئیسلامیو مەزهەبە جۆراوجۆرەكانیو لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتە دینیانەدا كەدەوڵەت بۆیان دیاریدەكات. بەواتایەكیتر پێویستە دەوری دادگا شەرعیو دینیەكانی سەردەمە تاریكەكان لەبواری ئەحوال شەخصیدا بگەڕێتەوەو مەلاكانو قازیە دینیەكان ئەو كارانە ڕێكبخەن. بۆیە لەماددەی 39ی ئەو دەستورەدا نوسراوە: (عێراقیەكان ئازادن بەپێی دیانەتو مەزهەبو باوەڕی خۆیان كاروباری كەسێتی خۆیان بەڕێوەبەرنو ئەوەش دەبێت بەیاسایەك دابڕێژرێت).

لەڕاستیدا ژنانی عێراق لەدژی بڕیاری كۆنەپەرستانەی 137ی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی هەڵوەشاوە هەستانە سەرپێ، ئەو بڕیارەی كەئەوكات پڕۆژەی حزبە ئیسلامیەكان بوو وەتوانیان ئەو بڕیارە هەڵبوەشێننەوەو سنورێك بۆ بزووتنەوە دینیە ئیسلامیە كۆنەپەرستەكان دابنێن. بەڵام ئەو بزوتنەوانە ڕاستە پاشەكشەیان كرد بەڵام واخەریكن لەڕێگەی ئەم خاڵە ڕەشەی دەستورەوە دیسانەوە خۆیان بەژووردا دەكەنەوەو پەلاماری مافەكانی ژنانو ئازادیەكانی دەدەنو یاسای ئەحوال شەخصی پێشوو كەئەویش پشتی بەمەزهەبە جۆراوجۆرەكانی ئیسلام بەستبوو هەڵدەوەشێننەوە. لەدەورەی ڕابردوودا ژنانی عێراق سەلماندیان كەتەسلیمی ئەو چارەنوسە نابن كەئیسلامیەكانو سەلەفیەكان بۆیان دیاریكردون، بۆیە لەمانگرتنو خۆپیشاندانە بەردەوامەكانیاندا هەڕەشەی ئەوەیان كرد كەئەگەر ئەو ڕەشنوسی دەستورە یەكسانی ژنان لەگەڵ پیاواندا لەهەموو بوارەكانی ژیاندا بەڕەسمی نەناسێتو پابەندی یاسای باری كەسێتی پێشوو وەیان یاسایەكی عیلمانیو مەدەنی پێشكەوتوو لەكاروباری كەسێتیدا نەبەستێت ئەوە ئەوان دەنگ بەو دەستورە نادەنو ڕەتی دەكەنەوە.

ژنانی عێراق بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەی کەنداو باقی جیهانی عەرەبدا بەوە ناسراونەتەوە کەبەرێژەیەکی باشتر خوێندەوارو رۆشنبیرن‌و ئازادی زیاتریان هەیە، بۆیە پێویستە ژنان ئەو جێگەوشوێنەی خۆیان کەلەدوای شۆڕشی 1958 ەوە بەدەستیان هێناوە، بپارێزن‌و لەدژی بزووتنەوە دینی‌و کۆنەپەرستەکان بێنەمەیدان کەدەیانەوێ مافەکانیان بخۆن‌و کۆیلەیەتیان بەسەردا بسەپێنن‌و لەمافە مرۆییەکانی خۆیان بێ‌بەشیان بکەن.

هەروەها پێویستە ژنان ئەو خۆشباوەڕیانە بڕەوێننەوە کەبەدەوری ئەمریکا لەپەیوەند بەئازادی ژنانەوە لەعێراق بوونی هەبووە، چونکە زۆرکەس لەو باوەڕەدابوون کەژنانی عێراق لەسایەی دەسەڵاتی داگیرکاری ئەمریکادا لەئازادی‌و دیموکراسی لیبراڵی‌و مافەکانی خۆیان بەهرەمەنددەبن. بەڵام زۆربەی واقعیەتە مێژووییەکان‌و رووداوەکانی ئێستا لەعێراق‌و ناوچەکەدا پێچەوانەی ئەو بیروڕایە دەخەنەڕوو. ئێمە پێشتر لەزۆر بۆنەدا بەتایبەت لەپەیوەند بەدەرچوونی بڕیاری 137 ەوە رۆڵی ئەمریکامان لەم بوارەدا رسواکردووەو لەو باوەڕەداین کەڕووداوەکانی رابردوو بەئێستایشەوە هەموو ئەوە دەسەلمێنن کەئیمپریالیزمی ئەمریکا کاتێك جێ‌پێ‌یەك لەناوچەیەکدا بۆ خۆی دەکاتەوەو رژێمێکی ئەڵقەلەگوێی خۆی بنیات دەنێت ژنان دەبن بەیەکەمین قوربانیەکانی ئەو دەسەڵات‌و باڵادەستی‌و پاوانخوازیە، ئەفغانستان‌و سعودیەو باقی وولاتانی کەنداو و .... نمونەیەکی ئاشکرای ئەم راستیەن.

## شەشەم/ بەرەی بەعسی‌و زەرقاوی‌و سەلەفیەکانی ناڕازی لەدەستور

هێزە بەعسی‌و زەرقاوی‌و سەلەفیەکان دەیانەوێ لەپرۆسەی دەستوری کەڵك وەربگرن بۆ سەپاندنی باڵادەستی‌و دەنگی خۆیان‌و زەمینە خۆشکردن بۆ تیرۆرو قەسابخانەکانیان لەشەقامی عێراقیدا. ئەم هێزانە بەو بیانوەی کەنوێنەرایەتی سونەکان دەکەن لەپرۆسەی دەستورداو بەپشت بەستن بەدابەشبوونی تائیفی هەوڵیانداوە جێگایەك بۆ پرەنسیب‌و ئەحکامەکانی خۆیان لەڕوانگەیەکی زۆر کۆنەپەرستتر رەشترەوە لەرەشنوسی دەستوردا بکەنەوە. ئەم هێزانە زۆربەی خاڵە سەرەکیە سەلەفیەکانی ئەو دەستورەیان قبوڵە، ئەوان پشتگیری دەکەن لەجوتکردن‌و ئاوێتەبوونی دین‌و دەوڵەت‌و کردنی دینی ئیسلامی بەسەرچاوەیەکی سەرەکی وەیان تاقانەی دەستوری وولات‌و داڕشتنی هەموو یاساکانی داهاتوو بەپێ‌ی حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی‌و زەوتکردنی هەموو دەسکەوتە مەدەنی‌و پێشکەوتنخوازەکان‌و لەباربردنی گشت پرۆسەی دیموکراسی لەعێراقدا، وە لەوانەش خراپتر خەریکە ئەو حوکمانە بەهەموو ووردەکاریەکانیەوە لەشەقامەکانی عێراقدا بەڕێوەدەبەن. ئەم هێزانە دژایەتی هەموو مافە سیاسی‌و مەدەنیە سەرەکیەکانی هاوڵاتیان دەکەن‌و هەڕەشەی ملپەڕاندن لەهەرکەسێك دەکەن کەنەیاری بۆچوون‌و باوەڕو مەزهەبی ئەوان بێ، ئەوان کۆیلەیەتیەکی بێ‌پەردەیان بەسەر ژنانی ئەو ناوچانەی تیایدا دەسەڵاتدارن دەسەپێنن هەر بۆیە مۆردەدەن لەملکەچبوونی ژنان بۆ شەریعەتی ئیسلامی لەدەستوردا، ئەگەر ناکۆکیەك لەم بارەیەوە هەبێ لەسەر چۆنێتی‌و شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم پرۆسەیەیە. هەروەها ئەم هێزانە دژی مافی دیاریکردنی چارەنوسن بۆ خەڵکی کوردستان چونکە بەئاشکرا بانگەشەی عەرەبایەتی عێراق‌و ناسنامەی دەوڵەتەکەی دەکەن‌و دژایەتی فیدرالیزمیش دەکەن وەکو رێگاچارەیەك بۆ کێشەی کورد لەم بارودۆخەدا. گوتاری ئەوان دیماگۆجیانەیە چونکە لەرواڵەتدا وانیشان دەدەن کەگوایە دژی داگیرکاری ئەمریکان بەڵام لەباری عەمەلیەوە کەڵك وەردەگرن لەو داگیرکاریەو خۆراکی لێوەردەگرن‌و دەیانەوێ ژێربەژێر وەیان بەئاشکرا سات‌و سەودای لەگەڵ بکەن بۆ ئەوەی بەشی شێریان لەدەسەڵاتی سیاسیدا بەرکەوێت.

بۆیە ئەم بەرە زەرقاوی‌و بەعسی‌و سەلەفیە لەناوەڕۆکدا جیاوازیەکی لەگەڵ بەرەی هێزە دینی‌و شیعی‌و ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکاندا نیە لەبواری بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای عێراق‌و بێبەشکردنی لەماف‌و ئازادیەکانی، ئێستاش کەخەریکە دەنگ کۆدەکاتەوە بۆ دژایەتی دەستورو رەتکردنەوەی لەریفراندۆمی داهاتوودا دەیەوێ کەڵك لەو "نـــا"یە بۆ دەستور وەربگرێ وەیان کەڵك لەپەرەدان بە بەکارە تیرۆریستی‌و قەسابخانە بەکۆمەڵەکانی وەربگرێت بۆ پچڕینی ئیمتیازاتی زیاتری سیاسی‌و تائیفی لەدەسەڵاتدا. لەراستیدا هەوڵی ئەم هێزانە هیچ پەیوەندیەکی بەبەرژوەندیەکانی خەڵکی عێراقەوە نیە.

بۆیە خەڵکی عێراق کاتێك کەناڕازیە بەو دەستورە ئیسلامی‌و سەلەفیەی ئامادەکراوە، هاوکات ناڕازیشە بەدەسکاریە کۆنەپەرستترەکانی ئەم هێزانە کەدەیانەوێ لەو دەستورەدا بەپشتبەستن بەتیرۆریزم‌و هێزهەڵخڕاندنی تائیفی بیسەپێنن.

## حەوتەم: پێکەوە بۆ بەهێزکردنی بەرەی مەدەنیەت‌و عیلمانیەت‌و پێشکەوتنخوازی

ئەو رەشنوسی دەستورەی کەئەنجومەنی نیشتمانی پەسەندی کردوەو ئەو دەسکاریانەی کەهێزە سەلەفی‌و بەعسی‌و زەرقاویەکان لەم بارەیەوە تەرحی دەکەن هیچیان وەڵامدەرەوەی خواست‌و هیواکانی خەڵکی عێراق نین‌و وەڵامێك نین بەنارەزایەتیەکانی ئەو خەڵکەو نارەزایەتیەکانی ژنان‌و

ڕەخنە توندوتیژەکانی حزبو هێزە عیلمانیو مەدەنیو چەپەکانی عێراق. بۆیە خەڵکی عێراقو هێزە کۆمۆنیستو چەپو پێشکەوتنخوازەکان پێویستە بەرەنگاری ئەم پرۆژە کۆنەپەرستە دەستوریانە ببنەوە ئەویش لەرێگای دژایەتی هەردوو بەرەکە  واتە بەرەی هێزە دینیو سەلەفیە دەسەڵاتدارەکانو بەرەی هێزە ئیرهابیيو سەلەفیە ئۆپۆزسیۆنەکان.

بۆ ئەم مەبەستە خەڵکی عێراق پێویستە بەفراوانی بەشداری پرۆسەی راپرسی داهاتوو بکاتو لەوێدا ئیرادەی خۆی بهێنێتە مەیدانو دەنگی خۆی هەڵبڕێت هەم لەدژی ئەو هێزانەی کەبانگەشەی دەکەن بڵێت "بەڵێ" بۆ دەستورو وەیان ئەو هێزانەی کەبەپشتبەستن بەهەڵخڕاندنی هێزی تائیفی بانگەشەی دەکەن بۆ ووتنی "نـــا" بۆی.

هەر لەبەرئەوەی کەکۆمیسیاری بالاّ بۆ هەڵبژاردنەکانو ئەنجومەنی نیشتمانیش هیچ میکانیزمێکی واقعیو راستەقینەی بۆ رادەربڕین لەسەر دەستور دیارینەکردووە جگە لە "بەڵێ"و "نەخێر" بۆ دەستور، وە هەروەها ئێمە  هاوکات "بەڵێ" ی ئەمریکاو هێزە دینیو ناسیونالیستیە دەسەڵاتدارەکان بۆ ئەو دەستورەو "نـــا"ی هێزە بەعسیو تائیفیو زەرقاویەکان رەتدەکەینەوە بۆیە داوا لەخەڵکی عێراق دەکەین کەبەشداری لەریفراندۆمدا بکاتو لەبازنەکانی دەنگداندا وەرەقەی دەنگدان بە "بەڵێ" و "نـــا" رەتبکاتەوە وەکو نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر گشت ئەو پرۆسەیەو لایەنە بەشداربوەکانی لەم بارودۆخەدا.

هەروەها داوادەکەین کەهێزە کۆمۆنیستو دیموکراتخوازو ئازادیخوازەکان زیاتر دەنگی خۆیان لەم بارودۆخەدا هەڵبڕنو هەماهەنگیەکانیان زیاتر بکەن بۆ خۆجیاکردنەوە لەبزووتنەوە دینیو ناسیونالیستیەکانو بەربەرەکانێ لەگەڵ رەوتی دینی بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای عێراقو لەگۆڕانی ئەو هەوڵانەی دەبنە هۆی هەڵایسانی شەڕی ناوخۆ لەنێوان بەشەجیاوازەکانیدا.

لاوازی پایەو ریشەی بزووتنەوە ئیسلامیە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەکان، رەوینەوەی زیاتری خۆشباوەڕی بەرۆڵی ئەمریکا لەبواری دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو باقی درۆو دەلەسەکانی تر سەبارەت بەئازادی ژنانو مافەکانیانو باوەشکردنی ئیمپریالیزم بەکۆنەپەرستیداو بەستنی هاوپەیمانێتی تەواو لەگەڵیدا، پەرەسەندنی نارەزایەتیەکانی خەڵکی عێراق دژی تیرۆریزمو تێکچوونی شیرازەی ئەمنیو گەندەڵیو دەستبەسەراگرتنی سەروەتو سامانی کۆمەڵو شەڕو دووبەرەکی لەسەر دابەشکردنو دووبارە دابەشکردنەوەی لەنێوان لایەنە قەومیو دینیو سەلەفیە ناکۆکەکاندا، نەبوونی سادەترین خزمەتگوزاری سەرەکیو زەمانەتە کۆمەڵایەتیەکانو پەرەسەندنی هەژاریو فراوانبوونەوەی قەڵشتی نێوان داهاتی کەسەکانو قووڵ بوونەوەی جیاوازیەکانی خەڵکی نەدارو دەوڵەمەند، وەدەستەپاچەیی بۆرژوازی بەهەموو بەشو توێژەکانیەوە بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە سەرتاپاگیرەی کەئەم وولاتەی لوول کردوە، وە.... هەموو ئەمانەی باسمان کرد زەمینەیەکی بابەتی سەرەکین بۆ گەشەو هەڵمەتی بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستیو پێشکەوتنخوازی رووە رەتکردنەوەو پووچەڵکردنەوەی بەدیلە کۆنەپەرستەکان.

**یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**کۆتایی ئەیلولی** 2005